ئێران و رووسیا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد ‏

ئەمڕۆ هەینی ،ئێران و رووسیا یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان لەبارەی هاوردەکردنی گاز واژۆ کرد.

‏

‏ موحسین پاک نەژاد، وەزیری نەوتی ئێران رایگەیاند، ، یاداشتنامەکە دوو قۆناغە، لە قۆناغی یەکەمدا بۆ ماوەی ساڵێک ٥٥ ملیار مەتر سێجا گاز هەناردەی ئێران دەکرێت و قۆناغی دووەمیشی لەماوەی داهاتوودا رادەگەیەنرێت.

‏

‏باسی لەوەشکرد، بە رەزامەندیی رووسیا و کۆماری ئازەربایجان، گازەکە لە ناوچەی سنووری ئاستارا لەنێوان ئێران و کۆماری ئازەربایجانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئێران.

‏

‏ئەوەشی خستەڕوو، دوای پشکنینی وردی رێگای ئاوی و وشکانییەکان هەردوولا گەیشتنە ئەوەی لە رێگەی ناوچەی سنووری لەنێوان کۆماری ئازەربایجان و ئێرانەوە ئەو گازە هەناردەی ئێران بکرێت ئەویش بە هەماهەنگیی نێوان وڵا تانی ئازەربایجان و رووسیا قۆناغی دووەمی رێکەوتنەکەش دواتر وردەکارییەکەی بڵا ودەکەنەوە.